کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-5-2007 13:05

## وریابن ئیرهاب بەڕێوەیە ... سیروان ناشاد

توندو تیژی و گیانی توندڕەوی و قبوڵنەکردنی ئەویدی، ئەو پەتاو ڤایرۆسە کوشندەیەیە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرەو ئاقاری هەڵوەشاندنەوەو بشێوی و ئاڵۆزی دەبات، خودان ئەو هزرانە لەمپەرێکی کوشندەن لەبەردەم گەشە سەندنی پرۆسیسەکانی دیموکراسی و ئازادی و ژیانی مۆدێرنە، بەو پێیەی تاکرەهەندی لە گوتارو بینین و تاکدیدگایی لە کایەکانی فیکری و هزری و وابەستەبوون بە ئایدیایەکی هیشك و داخراو و دۆگما، ڕاستەوخۆ کۆمەڵگا لە قەوارەو بازنەیەکی قەتیس بوودا گیر دەکات و رەورەوەو رەوتی مێژوو دەبەستێ و بگرە بەرەو سەدەکانی تاریکی و مراندنی روحی نوێگەری و نوێباوی دەبات.
ئەم باسە تەنها و تەنها وا بەستەر لێکگرێدراو نیە بە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان (ئەوان بەشێکی سەرەکی ئەو بەرهەم هێنانەن) بگرە تاك و خێزان و کۆمەڵگاو دواتریش سیستەمەکانی پەروەردەو پێگەیاندن دیسانەوە زەمینەی ئامادەباشکردنی ئەو رۆحیەتەن، لەخێزاندا سیستەمی باوکسالاری و قبوڵنەکردنی رای ئەندامان و لە سیستەمدا نەخوێندنەوەی وردی کایەکانی دیموکراسی و ئەکتیفکردنیان و لەحوکم و دەسەڵاتدا رەتکردنەوەی رای جیاواز و وەرنەگرتن و بەهەند نەگرتنی دەنگەکانی دی ... . ئەمانە هەموویان هۆکاری بەرهەم هێنانی توندوتیژی و دروستکەری کلۆمی گەورەی بەردەم دەرگاکانی کرانەوەو ئازادین.
عێراق کە لە بنەڕەتدا نەزەرورەتی مێژوویی و نە پێویستی دروستی بارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی فاکتەری دروستبوونی نەبوون و بگرە بەرژەوەندییەکان وایانکرد بەشێوەیەکی نادروست تێکڕای نەتەوەو کەمایەتیەکان و ئایین و ئاینزاکان لێکبدرێن و کاریش بۆ پێکەوە ژیانیان نەکرێ و دواجاریش بە لۆژیکی ئاگر و ئاسن دەنگەکان کپ کرێن، "بەرەنجامی ئەوەی لێبۆتەوە کە ئەمرۆ دەیبینین".
هەر چەندە لەکوردستاندا بەشێوەیەکی تایبەتی مێژووی پێکەوە ژیانی گەلان و قبوڵکردنی ئەویدی هەبووەو هەیە، بەڕادەیەك "دێرو کەنیسەو مزگەوتەکان" لە هەندێ جێگادا لەچەند کیلۆمەترێکدا دەژین و هیچیان ئەویدیانی رەش و رەت نەکردۆتەوە، وەڵی ئەو شاڵاوەی ئەمرۆ لەعێراق و ناوچەکەدا هەیە بمانەوی و نەمانەوێ بەشێکی پروشکی ئەو کورەیە دەمانگرێتەوەو نەیارانی ئەم هەرێمەش کاری بۆ دەکەن، (نموونەی جیاکاری ئایینی و تائیفی و ... بەعشیقە وەك نموونەیەکی زیندوو) .
بۆیە وادەخوازێت لەپاڵ توندکردنی لایەنەکانی ئەمنی و گرتنەبەری رێگاو شوێنی گونجاو سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی ئەو هەوڵانە، لەهەمانکاتدا وا دەخوازێ دەزگای فراوانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەمان هەبێ لەمەڕ پێگەیاندنی نەوەی لێبوردەو تەندروست، کە ئەمەش لە سیستەمەکانی پەروەردەو لە خێزان و دامەزراوەکاندا خۆیان دەنوێنن.
بە دیوێکی تردا ناکرێ ئێمە تەنها تەماشاکەرو بینەری شانۆی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بین و شانازیکەری ئارامی ناوچەکەی خۆمان بین، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ لەعێراقدا دەکرێ بەشێکە لە ئێمەو دواجار ئەگەر بێ بەرنامەیی و جۆرێك لە پەرتەوازەیی پێوە ببینرێ، بەڵام لە دوماهیدا دەبێتە رێکخستنێکی گەورەو پەل و پۆی دەهاوێتە ئەم هەرێمەوە (نموونەی کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییەی هەولێرو مەخموور) .
هەرێمی کوردستان تەنراوە بە کۆمەڵێ دوژمنی سەرسەختی ئایدیاو نەتەوەو کلتور کە هەر هەموویان کۆکن لەسەر وێرانکردن و رەشکردنەوەی شوناس و پێناسی، سیاسەتی پان ناسیونالیستی عەرەبیش کە خۆی لە تیرۆرو تۆقاندندا دەبینێ بە دەعمێکی گەورەی مادی و مانەوی و لۆژیکی لە پاڵ ئەو گوتارەدایە، حیساب نەکردن بۆ ئەو شاڵاوانە دواجار زەرەر مەند دەبین و بە دیوێکی تردا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.